# با هەوڵبدەین هەڵەبجەو ئەنفال
# وەک کردەی جینۆساید بکەینە بڕیاری نەتەوەیەکگرتوەکان

بەڕێزان، خۆشەویستان، ئامادەبوانی ئازیز، ماتەمگێڕان و بەرزڕاگرانی یادی نەمری قوربانیانی جینۆسایدی کورد (هەڵەبجەو ئەنفال).

نۆزدە ساڵ پێش ئێستا شاری هەڵەبجە وەک بەشێک لەدرێژەی پلانی سیستماتیکی جینۆسایدی کورد، کەوتەبەر هەڵمەتی چەکی کیمیاوی ڕژێمی شۆڤینیستی بەعس. بەعس بەم هەڵمەتەی زیاتر لە 5000 کەسی قەتڵوعام کرد کە خەریکی گوزەراندنی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بوون لە مناڵ و ژن و پیاو و لاو و پیر. تاقە جیاکەرەوەیەک بۆ بەعس لەنێوان بکوژو کوژراودا جیاوازی نەتەوەیی و ئەتنیکی بوو. نەک تاوانباریو بێتاوانی، ژن بوونو، مناڵ بوون، خۆبەدەستەوەدەریو یاخی بوون.

## ئازیزان:

ئەگەر چی هەڵەبجە ئەو برینە گەورەیەیە کە جیهان لێوەی ڕوانیە جەستەی هەلاهەلای کورد. بەڵام جینۆسایدکردنی کورد وەک فینۆمینۆیەک بە هەڵەبجە و ئەنفال دەستپێناکات هەر وەک چۆن بەوانیش نەهاتە کۆتایی. جینۆسایدکردنی کورد بە هاویشتنی هەنگاوە یەکەمینەکانی مۆدێرنە بۆ ناوچەکەو کایەهاتنی فۆرمی نەیشن-ستەیت بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت دەگەڕێتەوە. بەلەدەست چونی دەستڕاگەیشتنی کورد بەهەلی دەوڵەت بوون کورد بووە نێچیری چەندین پڕۆژەی تری بەدەوڵەت بوون کەکاریان لەسەر لەناوبردنی فیزیکیو ناسنامەییو نەتەوەییو ئەتنیکی ئەو ئـــەکرد. سەدەی بیست بە سەدەی جینۆساید ناوزەد کرا. کورد لەم سەدەیەدا خاوەنی درێژترین مێژووی قوربانیە بگرە ترسناکترینیشی.

ئەنفالو جینۆسایدی کورد تەنها یادکردنەوەی یادی ئەو قوربانیانە نیە کە جەستەیی نەفی کراون بەڵکو کێشەی هەرئێستای ئەم زیندوانەیە کەهەرسات ئەگەری ڕودانەوەی هەیەو بەردەوامیش چرکە بە چرکە ڕودەدات. قەدەغەکردنی زمانی دایکیی و لانگویساید، کاول کردنو کۆچ پێکردنی زۆرەملێ، ڕێ لەزاوو زێ کردنی سروشتی، دروستکردنی ئاتمۆسفێرێکی نائارام و پڕمەترسی بۆ کورد، بەڕادەیەک مانەوەی چەندساتی ژۆرناڵیستان لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستان بە ئازاییو جوامێری لە قەڵەم دەدرێت. ئەمانەو هەزارانی تر ئەوەیە پێی دەڵێن ژیان بۆ کورد لەهەموو ئەو وڵاتانەی بەزۆر کوردی پێوە لکێنراوە. تەنانەت دارو بەردو ئاژەڵیش لەمە قوتار نەبون. ئەو ناوانە دێنە گۆڕین کە هەزاران ساڵە ئایدیو ناسنامەیانە. تائەم چرکەســاتەش سڕینەوەو لەناوبردنــی کورد پڕۆژەی ستراتیژی نەتەوەییو گروپیو بگرە کــەسیی زۆربەی دەستەو تاقمو گروپو هێزە ئامادەکانی دەورو بەری کوردە.

## بەڕێزان:

تراژیدیای گەورە ئەوەیە کورد بە بەراورد بەزۆربەی ئەو نەتەوانەی بەرەو ڕێگای سەربەخۆییو ئازادی ڕۆشتون، قوربانیەکانی زۆرترە. زیاد لەسەدەیەک خەباتو قوربانیدانو بەرەنگاری کردۆتە مێژوو. تائاستی بونە قوربانی بەکارهێنانی چەکی کیمیاییو پیادە کردنی ئەنفال. ئەوەی جێی داخو مەخـــــابنە تائێستا نەمانتوانیوە جینۆسایدی کورد بەتایبەت هەڵەبجەو ئەنفال بکەینە کەرەسەیەکی ستراتیژی بۆ بەدەست هێنانی داهاتێکی سیاسی ستراتیژ.

ترسی دوبارە بونەوەی هەڵەبجەو ئەنفال لەمێشکی هەمومانــــدایە، بەشێکی ترسناکی ئێستاو ئایندەشمانە. لەهەڵەبجەو ئەنفال کارەسات تر لەئارادانەبونی هوشیاریە بەو کارەساتە، ئازاری هەڵەبجەو ئەنفال لەوێدا ئازارێکی گەورەو لەوەسف کردن بەدەرە کەئێمە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەستکردنمان بەو ئازارە لە دەســـــت دەدەین. کارەسات ئەوکاتە ماناکانی خۆی لەدەست دەدات کەئێمە هوشیاریمـــــمان لە ئاستی تێگەیشتنیدا نەبێت لەبرینو ئازارەکانی نەگەین وەک ئەوەی کەدەبێت سەرسامان بکات.

**ئێمە تائێستا نەمان توانیوە ڕیکۆگنیشنی هەڵەبجەو ئەنفال وەک کردەی جینۆساید وەدەست خەین واتە بۆمان نەکراوەتە بەشێک لە هیچ تێکستێکی یاسایی یان ڕێکەوتن نامەو چارتەری نێودەوڵەتی. ئەوەی تائێستا هەیە بەداخەوە بەئاستەم سنوری ڕوداو گێرانەوەو ژۆرنالیزمی تێپەڕاندوە. بەشێکی زۆری ئەم نەناسینەوەیە پەیوەندی بەمەعریفەو ئیرادەی سیاسی کورد خۆیەوە هەیە پەیوەندی بە کاراکتەری جەمعیی خۆمانەوە هەیە. ئێمە کێینو چینو چیمان ئەوێت؟**

**تاچەند بەهای باڵای هاوبەشی بەرزتر لەناوچەو حیزبو خێڵو سێکتەرمان هەیە.**

## ئامادەبوانی ئازیز:

**لەسەردەمی دەستگیرکردنی سەرانی بەعس هەلێکی زێڕین بۆ بەجیهانی کردنی کێشەی کورد هەبوو، کەدەکرا کارمان بۆ بەنێودەوڵەتی کردنی دادگایی تاوانبارانی جینۆساید کردبایە، کە ئەمە لەگەل خۆیدا دۆزەکەشمانی نێودەوڵەتی دەکردەوە.**

**بەڵام بەداخەوە وەک کورد خۆمان ڕێگرێک بوین لەبەردەم ئەو ئاڕاستەیەدا. ڕەنگە کوشندەترین هەڵە ئەوە بوبێت کە خەڵکمان وا حاڵی کرد کەباشترین داهاتی سیاسی ئەوەیە کە عەلی کیمیایی لە هەڵەبجە دادگایی بکرێت یان ڕازی بونمان بەدابەشکردنی سێکتاریانەی تاوانبارانو سزا دانیان، کە دوائەنجام کارەساتی کوردی لە کارەساتی دوجەیل بچوکتر کردەوە. لەجیاتی دەستخســــتنی شەرعیەتێکی جیهانی پێناسێکی لۆکاڵیمان دایە کێشەکە، کێشەکەمان کردە کێشەی عێراق، کێشەی دیکتاتۆری، کێشەی چەند سەرکردەیەکی سایکۆباتی مرۆڤ کوژ.**

**کەکێشەی جینۆسایدی کورد لەوسنورو پێناسانە فراوانترو فرە ڕەهەندترە، تاوانێکی جیهانیەو دەبا دادگای جیهانی کاری تیا کردبا. نەدەبا ڕازیبباینا بەوەی سەدام بەشی شیعە بێتو عەلی کیـمیاییش بەشی کورد، کەبەمە دادگاییەکە لەبری بەدەستهێنانی دادوەری بوە ئامڕازێک بۆ تۆڵە کردنەوەو دوبارە کردنەوەی هەمان دایاگرامی براگەورەیی عەرەبو برا بچوکی کورد.**

**کەلەڕاستیدا گرنگ چۆنیەتی سزادانەکەبوو نەک بڕی سزاکە دادگایی شۆڤینیزمی عەرەبو مێنتاڵیتی جینۆسایدی بوو نەک چەند کەسێکی بژاردە.  لەدوای لەدەستانی چەندی هەل لەوانە دەنگدانمان بەدەستورێک کەهیچ ئاماژەی بۆ بەڕەسمی ناسینی جینۆسایدی کورد نەکردوە. ئێستا هەموو لایەک لەڕاستای چەندین بەرپرسیاریی گەورەداین.  هێنانەدیان هەمومانی دەوێت. باهەموو پێکەوە لەهەرکوی هەین کار بکەین بۆ ناساندی هەڵەبجەو ئەنفال وەک کردەی جینۆساید لە لایەن وڵاتانو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانو کۆڕو کۆمەڵەکانیانەوە. بالەمڕۆوە لەبەردەم هەر کۆبــونەوەو لوتکەو پێگەیشتنێکی نێودەوڵەتیدا ئامادەبینو داوای بەڕەسمی ناسینی جینۆسایدی کورد بکەین.**

**لۆبیو کۆمەڵەکانمان تۆکمەو گەورە بکەین، باپێکەوە کار بکەین بۆ بەرزکردنەوەی هوشیاری ڕەوەندی کوردیو جیهانی دەربارەی هەڵەبجەو ئەنفالو جینۆسایدی کورد. ئێوەش ئەی دایکو خوشکو باوکو برا قوربانیەکانمان دڵنیاتان ئەکەین کە بۆ هەمیشە یادتان زیندو بەرز ڕادەگرین هەوڵ دەدەین ڕێگربین لەدوبارە بونەوەی هەڵەبجەو ئەنفالی تر هەوڵدەدەین خەباتــــکەین بۆ دیهاتنی خەونەکـــــانتان کوردستانێکی ئازادو ڕزگارو سەربەخۆ.  هەربەردەوام بن لەخەبـــات.**

**پەیوەندی کوردی دژی جینۆساید**

**دەنگەکان** www.dengekan.com

**مارچی** 2007